Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C27

# ناساندنی هەندێک دەستنووسی ناوچەی گەرمیان و چۆنێتی سوود لێوەرگرتنیان

کاروان عوسمان خەیات[١]، نعمت زەحمەتکیش[٢]

١- بەشی زمان و ئەدەبیاتی فارسی، کۆلێژی ئەدەبیاتی فارسی، خوێندکاری دکتۆرا، زانکۆی کوردستان، سنە - ئێران
٢- بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی پەیامنور، کەرەج - ئێران

| Article Info | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |
| Keywords | |
| ناوچەی گەرمیان، زانایان، دەستنووس، مێژوو، مێژووی ئەدەب | |

Corresponding Author
karwanosmanali@gmail.com

**پوختە:**

ناوچەی گەرمیان وەکو ناوچەیەکی تری کوردستان، زانایان و شاعیران و مەلا و میرزا و کاتبی گەورەی تێدا بووە و نووسراویان لە پاش بەجێماوە، بەڵام لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال زۆربەیان لەناو چوون و ئەوەیشی ماوەتەوە بە بێنازی لەناو کتێبخانەکەدایە و ئاوڕی لێ نادرێتەوە. ئەو دەستنووسانەی کە لە لای منن، هەندێکیان کۆپین و هەندێکیان نوسخە ئۆرجیناڵەکەیە و هەر یەکەیان بە جۆرێک سوودی خۆی هەیە بۆ مێژوونووسان و لێکۆڵەرانی بواری مێژووی ئەدەب، لێرەدا بەپێی زانستی ناساندنی دەستنووس ئەو دەستنووسانە دەناسێنم و هەنگاوەکانی سوود لێوەرگرتنی هەر یەکەیان دەخرێتە ڕوو و کاریگەریشیان لەسەر مێژوو و مێژووی ئەدەب نیشان دەدرێت.

## پێشەکی:

ساغکردنەوەی دەستنووس بە گشتی، زانستێکی گران و وردە و پێویستی بە زانستناسی مێژووی، خۆشنووسی، ئەدەبی، ئاییی- عیرفانی، ڕووەکناسی، دەرمانناسی، کشتوکاڵی، زمانناسی، مۆسیقاناسی و... هەیە، چونکە هەر شیعرێک و بابەتێک ساغ دەکەیتەوە، ڕووبەڕووی خەتی نووسەرەوە (کاتب) و شاعیر دەبیتەوە، هەڵە و ڕەمزەکانی نووسەر و شاعیر دەبێتەوە، ڕووبەڕووی باەتی مێژوویی و زانستی و دەیان شتی جۆراوجۆر دەبیتەوە، بۆ وشەیەک دەبێت بگەڕێیت چۆن نووسراوە و گۆکردنە وشەکە لە کۆندا چۆن بووە و چۆن نەبووە، هەندێک جار ڕێنووسیش کاریگەریی لەسەر کێش و سەرەوای شیعرەکە و واتای شیعرەکە دادەنێت و لەنگی دەکات.

لە بابەتە مێژووییەکانیشدا ڕۆژ و مانگ و هەفتە و ساڵ، بابەتە مێژووییەکان سەراوژێر دەکات و گۆڕانکارییەکی زۆر دروست دەکات، هەندێک جار ڕۆژێک پاش و پێش ڕووداوەکان دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە: لە 18ی مانگ دوو وڵات لە کۆبوونەوەی ئاشتیدا بن و لە 19ی مانگ بە هۆی ڕێک نەکەوتنەوە جەنگێکی ماڵوێرانکەری لێ بوویێتەوە، یان بە پێچەوانەوەیش هەر ڕاستە. گەرمیانیش خاوەنی مێژووی دێرینی خۆیەتی و کتێبخانەکانی لەناو چوون و پێویستە ئەوەی لە ئێستادا ماوەتەوە و لە بەردەستن، لە هەر بوار و بابەتێکدا بێت، بە شێوەی بابەت و کتێب لێیان بکۆڵرێتەوە و چاپ بکرێن و بخرێنە بەردەستی خوێنەر.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە چەند دەستنووسێکی ناوچەی گەرمیان کە لە بواری جیاجیادان و هەندێکیان پێشووتر بەشێوەی سادە و پچرپچڕ ناسێندراون و بەشێکیان لێیان چاپ بووە، ئەو جێگایانەی پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە لە بوارە جیاجیاکاندا نیشانمان داوە و پێویستی بە لێکۆڵەرانی بوارە جیاجیاکانە بۆ ئەوەی لە شوێنی خۆیاندا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و زیاتر ڕوونی بکەنەوە.

## پێشینەی لێکۆڵینەوە

بۆ هەر بابەتێکی زانستی پێویستە لێکۆڵەر چاوێک بە بابەتە چاپکراوەکانی پێشتردا بگێڕێت و بیانخوێنێتەوە و لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەیدا ئاماژەیان پێ بکات، لە هەمانکاتیشدا دەبێت بە شێوەیەک بیانناسێنێت کە خوێنەر بزانێت لەو لێکۆڵینەوەیەدا چ تازەگەرییەک کراوە و چ شتێک لەبیر کراوە، تەنیا بە شێوەی پێرستکردنیان و ئاماژەکردنیان هیچ سوودێک بە خوێنەر ناگەیەنێت.

سەبارەت بە سەرچاوە و بابەت کۆکردنەوە لەسەر بابەتێکی زانستی بۆ ئەوەی بتوانیت لە بابەتەکەتدا ئاماژەیان پێ بکەیت، زۆر بە ئەستەم دەتوانین بە داتایەکی تەواو بگەین، ئەویش لەبەر نەبوونی سیستەم و سایتێکی باوەڕپێکراو بۆ بابەتە زانستییەکان و گردوکۆکردنیان بە شێوەی پیدی ئێف و خستە بەردەستی خوێنەر بۆ ئەوەی لە بواری زانستیدا سوودیان لێ وەربگرێت.

لەسەر ئەم بابەتیش تاکو ئێستا هیچ شتێک نەنووسراوە، تەنیا ئەوە هەیە کە لە کتێبە چاپکراوەکانی وەکو کەشکۆڵ و بەیاز و کتێبی زانایاندا هەندێک بابەت هاتووە، ئەویش وەکو کەرەستەی خاو خراوەتە ڕوو، هەر وەکو چۆن ئەم بابەتەی ئێرەیش کەرەستەیەکی خاوە و دەخرێتە بواری لێکۆڵینەوە و ئەوانیش کەرەستەی خاون و پێویستە لێکۆڵەران لێی بکۆڵنەوە و ڕاستی و دروستی بابەتەکان دەستنیشان بکەن.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس لە چەند دەستنووسێک کراوە، لەوانە کەشکۆڵی گەرمیان کە موحەممەدعەلی قەرەداغی لە ئەلبوومی کەشکۆڵدا بەشێوەیەکی کورت ناساندوویەتی کە ساڵی چەند نووسراوەتەوە و چەند لاپەڕەیە و کێ نووسیویەتییە و شیعری چی شاعیرێکی تێدایە، ئەمەیش تەنیا بۆ ناساندنی سەرەتاییە و ناوەڕۆکی گشتی نەخراوەتە ڕوو. لەگەڵ هەردەوێل کاکەییدا لە کتێبی «کەشکۆڵی گەرمیان»دا کە کۆمەڵێک دەستنووسی ناوچەی گەرمیان بوو، لە ساڵی 2017 لە ئێران چاپ بووە بە وردی و بەشە کوردییەکەیمان ناساندووە و شیعرە کوردییەکانی نێو ئەو دەستنووسەمان چاپ کردووە. کەشکۆڵی کفرییش بە جیاواز دوو جار سوودی لێوەرگیراوە و بە کورتی لە دیوانی ئەحمەدموختار بەگی جاف و تاهیربەگی جافدا ناسێندراوە و سوودمان لەو شیعرانەی ئەحمەدموختار و تاهیر بەگ وەگرتووە کە لەو دەستنووسەدا هاتووە، چاپی دووەمی ئەم دوو کتێبە لە ساڵی 2023دا لە ئینتشاراتی کوردستان لە سنە بڵاو بووەتەوە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە

ڕێبازی ئەم لێکۆڵینەوەیە وەسفی- شیکارییە و پشت بە سەرچاوە دەستنووسییەکان لە کتێبخانە تایبەتییەکان بەستراوە، هەندێک لەم دەستنووسانە بە شێوەی پچڕپچڕ و هەندێکی تریشیان چاپ نەکراون و سوودیان لێ وەرنەگیراوە، لێرەدا ناسێندراون و وردەکارییەکانی نێو دەستنووسەکان بەشێوەی وەسفی و شیکاری دەستنیشان کراوە بۆ سوود لێوەرگرتن لە بوارە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوەی زانستی.

## کەشکۆڵی کفری

کەشکۆڵی کفری دەستنووسێکی گەورەیە و لە شاری کفری نووسراوەتەوە و کۆپییەکی لە لای هەردەوێل کاکەییە و ئەویش کۆپییەی بە ئێمە داوە تا سوودی لێ وەربگرین.

دەستنووسەکە قەبارەکەی (17×23سم)ە، نزیکەی 614 پەڕەیە و بە خەتی نەستەعلیقی ڕوون نووسراوەتەوە؛ نزیکی 25 پەڕەی سەرەتای کەوتووە. نووسەرەوەی دەستنووس لە چەند جێگەیەکدا ناوی خۆی نووسیوە. لە پەڕەی 81دا نووسەرەوە دەڵێت: (علی ید الحقیر فی جامع کبیر، احمد المجنون، من بلد کفری فی یوم الخمیس 1349).

لەم کەشکۆڵەدا شیعری شاعیرانی فارسی وەکو مەولانای ڕۆمی، سەعدی، جەننەتی، جامی، خوسرەو، بێدڵ، زەوقی و... هاتووە. شیعری عەرەبی بە ناوی ئیمامی ئەبووبەکر و نەعتی عەرەبی و... لەم کەشکۆڵەدا دەبینرێت. داستانی سوڵتان جومجومە و چەند داستانێکی تر کە خاوەنیان نەزانراوە هاتووە. شیعری شاعیرانی وەکو میرزا عەبدولقادری پاوەیی، ناری، کەمالی، ئەحمەد بەگ، مەلا حەسەنی مەلای بیارە، شێخ حەسەنی عازەبان، بەشێک لە دیوانی شێخ ڕەزا، بەشێک لە دیوانی ئەحمەدموختار جاف، بەشێک لە دیوانی نالی، بەشێک لە دیوانی تاهیربەگی جاف و چەندین شاعیری تر کە شیعریان لەم دەستنووسەدا بە کوردی و فارسی و عەرەبی هاتووە. هەندێک شیعریشی تێدایە کە خاوەنیان نەزانراوە.

سوود وەرگرتن لەم کەشکۆڵە خۆی لە چەند بابەتێک دەبینێتەوە، جگە لەوەی کۆمەڵێک شیعری تێدایە و بڵاو نەکراوەتەوە، بۆ دیوانی هەر شاعیرێک دەتوانین بە چەند شێوەیەک سوودی لێوەرگرین، لەوانە شیعری بە »بەغەمزەی چاوی مەخمووری»یە کە لە ناو لێکۆڵەراندا قسەوباسی لەسەرە، هەندێک پێیان وایە هی نارییە و هەندێکیش پێیان وایە هی ناری و تاهیربەگی جافە، لەم دەستنووسەدا سەرەوای شیعرەکە بە شێوەی «کردم» هاتووە و لەسەر شیعرەکەیش نووسراوە »غەزەلی کاکە حەمەی مەریوانی، تەخەلوس بە ناری». (مەجنوون، 1349: 71) لێرەدا شیعرەکە بە ناوی نارییەوە هاتووە و سەرواکەیشی جیاوازە، دەتوانرێت بۆ ساغکردنەوەی ئەم شیعرە، بە سێ شێوە سوود لەم نوسخەیە وەربگیرێت، یەکێکیان لە ڕووی کۆن و نوێی نوسخەکە و دووەمیش لە ڕووی سەرواکەیەوە، نووسەرەوەی دەستنووس لەسەر شیعرەکان ناوی شاعیرەکانی تۆمار کردووە.

لەناو کەشکۆڵی کفریدا چەند مێژوو و سەرباسێک هەیە، لە لێکۆڵینەوەی مێژووی ناوچەکە و ئەدەبی کوردیدا گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە لێرەدا بە باشی دەزانین بیانخەینە ڕوو و لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام بدەین.

لە پەراوێزی شیعرێکی شەمسی تەبرێزیدا نووسراوە: «صبح دوشەمبە، معریفە عبید اضی، شهر ذی الحجە، 9، 1349». (مەجنوون، 1349: 39) لە جێگەیەکی تریشدا نووسەرەوەی دەستنووس دەڵێت: «تەواوم کرد لە بیست و یەکی ذی الحجەدا لە ئەحواڵی دڵ نارەحەتیا لە تاریخی سەنەی 1349 لە شەهری کفری، لە مزگەوتی گەورە، لە سوبحی جومعە لە سەعات دو و نیم لە ئاخری بەهار بۆ پیاوی لار، نای بەکار». (مەجنوون، 1349: 54) لەم چەند دێڕەیشدا ئەتوانین سوود لە چەند وشە و دێڕێک وەربگرین، لەوانە: دەستنووسەکە لە ساڵی 1349دا لە مزگەوتی گەورەی کفری نووسراوەتەوە، مانگەکەیش، مانگی ذی الحجەیە، ڕۆژەکەیش، ڕۆژانی 9 و 21ی ئەو مانگەیە و ڕۆژەکانی هەفتەیشی نووسیوە کە دووشەممە و هەینییە، دواتر سەعاتەکەیشی دیاری کردووە، لە جێگایەکیشدا نووسیویەتی مانگی بەهار بۆ پیاوی لار، کەواتە کاتب کاتێک دەستنووسەکەی نووسیوەتەوە مانگی بەهار بووە، ئەمانە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا زۆر گرنگە، چونکە هەندێک جار بە ناوهێنانی ڕۆژەکانی هەفتە و ڕۆژی مانگەکە بۆ ساغکردنەوەی ساڵی ڕووداوێک گرنگە و گۆڕانکاریی لەو مێژووەدا دەکات و بەرامبەر بە ساڵ و مانگ و ڕۆژی زایینی جیاوازیی گەورە دروست دەکات. خاڵێکی گرنگی تری دەستنووسەکە، ئەوەیە نوسخەکە لە شاری کفری و مزگەوتی گەورەی شارەکەدا نووسراوەتەوە و لەو زەمەنەدا مزگەوتەکە ئاوەدان بووە و مەلای هەبووە.

نووسەرەوەی دەستنووس لە پەراوێزی شیعرێکی ئەحمەد بەگدا کە نازناوی شیعریی قازی بووە، دەڵێت:

«هەر کەسێ لای باشە قاپیی قەحبەخانە ئاچووخە

بۆ هەموو کەس فەلەک خوسووسیی قازی فەتوای فەرمووە

واقیعەن قازیی لەم زەمانەدا بێ باشە ئەگەرچی ئەغلەبی وایە، حاشیەی ئەحمەد». (مەجنوون، 1349: 56) نووسەرەوەی دەستنووس لە کۆتایی شیعرەکەدا پەراوێزێک دەنووسێت و دەڵێت بەڕاستی قازیی لەم زەمانەدا بێ باشە ئەگەرچی ئەغەلەبیان وایە، لێرەدا قازیی لەم زەمانەدا دوو مانای هەیە، یەکێکیان واتا قازیی شاعیر کە نازناوی ئەحمەد بەگ بووە، مانای دووەمیش مەبەستی لە قازیی ئەو کاتە بووە کە ئەگەر کەسێکی وا هەبێت و فەتوا بدات، کە هەندێکیان بەو شێوەن، لێرەدا زیاتر نووسەرەوە ڕای خۆی نیشان داوە و لەسەر شێوەی ڕاکەی دەتوانرێت لێکۆڵینەوە بکرێت و سوود لەو شێوە گوفتمانە وەربگیرێت.

نووسەرەوەی دەستنووس لە چەند جێگەیەکدا ناوی خۆی دەنووسێت و دەڵێت: «علی ید الحقیر احمد فی جامع کبیر سنه 1349». (مەجنوون، 1349: 63) یان لە جێگایەکی تردا کاتب دەڵێت: «علی ید الحقیر فی جامع کبیر احمد المجنون من بلد کفری فی یوم الخمیس 1349». (مەجنوون، 1349: 81) لە دوای شیعرێکی مەولانا خالیدشەوە نووسیویەتی: «در حالت دل نارحتی از شهر کفری در شب مبارک عید رمضان نوشته شد، در سنه 1349 آخ از دست موت». (مەجنوون، 1349: 108) لە کۆتایی شیعرێکیشدا نووسیویەتی: «حرره احمد در قصبهٔ صلاحیه فی جامع کبیر خدمت ملا طه، صفر من سنه 1349». (مەجنوون، 1349: 212) نووسەرەوەی دەستنووس کە لە چەند جێگایەکدا ناوی خۆی و جێگا و ساڵی نووسینەوەکەی بۆمان تۆمار کردووە، لە ڕووی مێژووییەوە گرنگایەتی خۆی هەیە، چونکە ناوی نووسەرەوەی دەستنووس کە لە جێگایەکدا نووسراوە ئەحمەد و دواتر دەڵێت ئەحمەد مەجنوون و ناوی مەزگەوتی گەورە و شاری کفری و سەڵاحییە دێنێت و لە خزمەتی مەلا تەهادا بووە، لە ڕووی مێژووییەوە گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و جێگای ئەوەی هەیە بزانرێت ئەم ئەحمەد مەجنوونە کێ بووە لە مزگەوتی گەورەدا نیشتەجێ بووە، مامۆستای ئایینی بووە یان فەقێ و کاتب بووە، ڕۆڵی لەو شارەدا چی بووە و چی کارە بووە.

نووسەر لەسەر شیعرێکی کەمالیی شاعیر دەنووسێت: «تەخمیسی عەلی باپیر ئاغای لەسەر غەزەلی سەیید عەلی ڕەئیسی ئەڵەبجە...». (مەجنوون، 1349: 67) لە ڕاستیدا ئەم دێڕە قسە زۆر هەڵدەگرێت و جێی لێکۆڵینەوەیە، لەبارەی ئەم دێڕەوە لە دیوانی کەمالیدا نووسیومە: « کەمالیی شاعیر لە ساڵی 1334ی کۆچی بەرامبەر بە 1915 یان 1916ی زایینی بەشێک لە شیعرەکانی ئەحمەدموختاری لە دەستنووسێکدا نووسیوەتەوە و لە هەندێک جێگادا ئەحمەدموختار مۆر و ئیمزای کردووە و هەڵەکانی چاک کردووەتەوە. دوای مردنی ئەحمەدموختاریش هەوڵ دەدات خزمەتێکی تری ئەو دۆستایەتییە بکات و لە ساڵی 1960ی زایینیدا بەشێک لە شیعرەکانی ئەحمەدموختاربەگی جاف چاپ دەکات.

کەمالی جگە لەو دەستنووسە چەندین دەستنووسی تری بە ناوی سەیید عەلییەوە بۆ ئەحمەدموختار نووسیوەتەوە، ئەو سەیید عەلییەیش من بە کەمالیی شاعیر ناوم هێناوە و گومانەکەیشم بێ بەڵگە نییە. لە ئێستادا شیعرێکی سەیید عەلی دەرکەوتووە و لێکۆڵینەوەکانی منی خستووەتە ژێر پرسیارەوە. کەمالی ئەو شیعرەی سەیید عەلیی تەخمیس کردووە. کەمالی ناوی ئەم کەسەی نە لە گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم و نە لە شاعیرە ناو ونبووەکانیشدا نەهێناوە، نەجمەدین مەلایش لە هیچ جێگایەکدا ناوی نەبردووە. بەڵام مامۆستا موحەممەدعەلی قەرەداغی دەڵێت، ئەم سەیید عەلییە نازناوی شیعریی فەهمی بووە و پیشەی کاتبی لە قائیمقامێتیی هەڵەبجەدا هەبووە و دیوانێکی بچووکی لە لای من بووە لە شاری بەغداد، ئەوکاتەی پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەگەڵمدا کرد، ئەو دیوانە و چەند کتێبێکی تریشیان بردم و فەوتان. بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کەمالی خۆی لە شیعرێکدا دەڵێت من دیوانی سالم و نالی و کوردی و... ئەوانەم ئامادە کردووە، بەڵام لەبەر بێپارەیی ناتوانم چاپیان بکەم. هەروەها ئەحمەدموختاریش لە شیعرێکدا دەڵێت کەمالی عەیبی من لە ئێستادا پارە نەبوونە». (ڕێبین، 2024: 33)

کاتب لە جێگایەکی تردا دەڵێت: «خطیب امام جامع کفری ملا مصطفی در مدح کاک احمد شیخ گفته است». مەجنوون، 1349: 111) ئەم دێڕەیش قسە هەڵدەگرێت و جێی لێکۆڵینەوەیە، چونکە لە پێشەوەدا نووسیویەتی ئەحمەد مەجنوون لە مزگەوتی گەورە ئەم شیعرانەی نووسیوەتەوە و جارێکیش دەڵێت لە خزمەتی مەلا تەها لە مزگەوتی گەورەی کفری ئەم نووسینانەی نووسیوەتەوە، جارێکیش تەنیا ناوی خۆی دەهێنێت، ئەم وتانە چەند ڕوویەکی هەیە، لەوانە یان مەلا تەها لە لای ئەحمەد مەجنوون بووە، یان ئەم لە لای مەلا تەها بووە، یان لەو ماوەیەدا ئەو مزگەوتە چەند مەلایەکی بۆ دانراوە و لابراوە...

## قورئانەکەی کفری

لە لاپەڕەی یەکەمی قورئانەکەی کفریدا نووسراوە: «قد اهدی الی هذا الکتاب فی قبل محد حاجی نعمان رئیس بلدیه کفری وانی اهدیته لفقی محد بن حمەجان بحسن رضائی وانا الحقیر بخل المرحوم ملا احمد الفرق لی الرئی بهائی

لە لاپەڕەیەکی تری قورئانەدکەدا نووسراوە: «وفات مرحوم المغفور شیخ رضا ابن شیخ عمی، السنهٔ هجریة 1378 فی ماهٔ جاذیل فی یوم الجمعه 13 روث زستانی رویشت یو بست 8ی مارس 1378

لە کۆتایی دەستنووسەکەیشدا نووسراوە: «قد فرغت من تسوید هذه الکلام المجید لی ید اضعف الفقیر الحقیر العبید ملا [جاسم!] ملا محد من اهل الکفری عفی الله... 20 رجب 1278 یوم الاحد».

لە جێگەیەکی تریشدا کاتبی قورئانەکە دەسنووسێت: «قد کتب هذه الکلام الله المجید بعون الله الملک الحمید لأجل العبد الضعیف ملا علی الحاج ولی... من قریه الکفری... شهر رجب یوم الاحد لسنه ثمانیه تسعین و ثمانیه بعد الألف من هجر... 19 شهر رجب 1278».

## دەستنووسی شەڕی جەنگی جیهانی یەکەم لە خانەقین

ئەم دەستنووسە نوسخە ئۆرجیناڵەکەی لە لای مامۆستا نیعمەت زەحمەتکێشە و ساڵانێکی زۆرە پاراستوویەتی و ئامادەی چاپیشی کردووە. دەستنووسەکە خۆی لە خۆیدا بابەتێکی گرنگی مێژووییە و پێویستە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و چاپ بکرێت، دەستنووسەکە 3400 بەیتە و دووسەد لاپەڕەیە. ئەم دەستنووسە پێدەچێت لە ساڵانی 1918 تا 1919 نووسرابێتەوە و شاعیر ناوی خەڵەفی کوڕی حەسەنی قەرەوڵسە. ئەم دەستنووسە هەندێک زانیاری تێدایە و پێویستە نیشان بدرێت.

وە ڕای حەق وە ڕۆژ و وە شەو//نویسان ئی کتاو بەندە کەیخوسرەو

خەڵەف حەسەن قەرەوڵس نشین//فرە لە دەعوا وە چەم وێش دین

تاریخ کتاو پێتان بۆ ئێژهار//کە بەندە واتم بەند ئەشعار

وەختێ ئی کتاو واتم وە ئەشعار//عومرم بی نە سن ساڵ سی و چوار

لە سی و چوار ساڵ عومرم نەوی زیای//ئی کتاو واتم یاران ئەحیای

لەم چەند بەیتەدا شاعیر و نووسەری کتێبەکە دەڵێت، وەختێک ئەم کتێبەم دانا، تەمەنم سی و چوار ساڵی رێک بووە. ئەگەر کتێبەکە لە ساڵی 1918دا نووسرابێت و شاعیر تەمەنی 34 ساڵ بووە، واتە شاعیر لە ساڵی 1884 لە دایک بووە. لەناو دەستنووسەکاندا ئەم زانیارییانە زۆر گرنگە، لێرەیشدا دەبێت ئەو گرنگییە بزانین ئایا شاعیر تەنیا ئەم کتێبەی داناوە یان کتێبی تریشی داناوە و لەناو چووە، ئەمە پرسیارێکی بێ وەڵامە.

شاعیر لە چەند بەیتێکدا ئاماژە بەوە دەکات هەندێک لە خەڵکەکە بە فەتوای مەلایان و زانایان چوونەتە پاڵ تورکەکان و هەندێکیش بە رەشبگیری خراوەتە نێو سپای عوسمانییەکانەوە و شاعیریش یەکێک بووە لەوانە و لە جێگەیەکدا دەڵێت:

چەندێک وە ئەمر پادشای تورکان//وە موجاهیدین بەندە بەردشان

شیم وە موجاهید وە عەقڵ مەجهوول//تورکان بەردشان قوول وە قوول

من وە چەم وێم دیم بەزم شۆڕ شەڕ//کەردم وە کتاو یاران یاوەر

من حەیم ئاما مەحو بۆ ئی کتاو//نەمانۆ پەرێ یاران ئەحباو

واتم من مەشۆم نەی دونیای فانی//کتاو پەرێ یاران سانی بمانی

بەپێی قسەکانی شاعیر دەتوانین بەو خاڵانە بگەین کە ئایین و دەسەڵات و فەتوای زانایان چی کاریگەرییەکیان لەسەر خەڵک هەیە، فەتوای زانایان کۆمەڵێک خەڵکی بردۆتە ناو سوپای عوسمانییەکان و لەو جەنگەیشدا چی کوژراو و بریندار بووە، چەندێک بە دیل گیراون و بێ سەر و شوێن بوون، لێرەدا شاعیر نیشانمان دەدات کە فەتوایەکی هەڵە ماڵی چەند کەس وێران دەکات و چی کاولکارییەک بەسەر میللەتێکدا دەهێنێت، لەم دەستنووسەدا دەتوانین وەکو مێژوو و مێژووی ناوچەکە و شەڕی جەهانگیریی یەکەم لە ناوچەی گەرمیاندا سوودی لێ ببینرێت. لە رووی ئەدەبییشەوە دەکرێت وەکو مێژووی ئەدەب و داستانی قارەمانی و داستانسەرایی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا رۆڵی گرنگی هەیە و نیشانی دەدات کە کورد لەو بوارەدا چەندێک دەست رەنگین بووە و چی مێژوویەکی کۆنی هەیە.

## کەشکۆڵی گەرمیان

ئەم دەستنووسە نوسخەیەکی کۆپیکراوی لە موحەممەدعەلی قەرەداغی وەرگیراوە و نوسخەیەکیشی لە لای هاشم کاکەییە، نوسخە ئەسڵییەکەی لە کتێبخانەکەی قەرەداغیدا پارێزراوە.

ئەم دەستنووسە کە بە دەستنووسی گەرمیان ناسێندراوە، ئەگەر ناوی نووسەری پێوە بووایە، ئەوا بە ناوی نووسەرەکەوە دەناسێندرا. زیاتر شیعری شاعیرانی گەرمیانی تێدایە و تەنیا چەند پارچە شیعرێکی مەولەوی تاوەگۆزی، شوکری فەزڵی و شێخ رەزای تێدایە.

دەستنووسەکە شیعری شاعیرانی وەکو خەلیل منەوەر، شێخ رەزا، شوکری فەزڵی، مەولەوی، عەلی یووسف «گریانی»، عەلیئاغای تەرجیللی، سەییدئەمین شەوقی، مەلا رەحمەتوڵلا، فەقێ فەرەج، ئەمین مەحاک، مەحاک، ئەحمەد، فەقێ ئەحمەدی قسرت، ئوستادی گەرمیانی «مەلا رەسووڵ»، یووسف، مەلا عەلی کوێر «حافز»، ئەحمەد کەنۆش، وەلامی ئەحمەد کەنۆش «نەزانراو»، چەند پارچە شیعرێکی خاوەن نەزانراو، لەگەڵ داستانی مشك و پشیلەی ئەلماسخانی کەنوولەیی، لێرەدا دراوەتە پاڵ خەلیل منەوەری کاکەیی تێدایە. دەستنووسەکە شیعری تورکی و فارسی و کوردی شاعیرانی کوردی تێدایە.

دەستنووسەکە ئەگەرچی هەندێك شپرزە بووە و پچڕانی تێکەوتووە، بەڵام ئەوەی لێی ماوەتەوە لە 260 پەرەیە و جێگای دڵخۆشییە، قەبارەکەیشی (21×15)سم یان (23×18)سم بێت، لەبەر ئەوەی وێنەی گیراوەتەوە، ناتوانرێت قەبارەکەی بە دڵنیاییەوە دەستنیشان بکرێت، ژمارەی هاتنی بەیتەکان لە هەر پەرەیەکدا جیاوازە و لە 10 بەیتەوە تاکو 14 بەیتی تێدایە، چەند پەرەیەکی لەت بووە و هەر بەو هۆیەوە چەند پەرەیەك زیادی کردووە.

سەبارەت بە ساڵی نووسینەوەی ئەم دەستنووسە شتێکی ئەوتۆمان لە بەردەستدا نییە جگە لەوەی لە سەرووی یەك دوو پارچە شیعردا ساڵی 1316 و 1317ی کۆچیی پێوەیە، سەبارەت بە نووسەرەکەیشی بە پێچەوانەی موحەممەدعەلی قەرەداغییەوە ئەم دەستنووسە خەتی هیچ کام لە خەلیل منەوەر و گریانی و شەوقی نییە، بەڵام گومان دەکرێت خەتی مەلا عەلی کوێر بێت کە دانیشتووی گەڕەکی قۆریەی کەرکووکە و لە 1317ی کۆچی بەرامبەر بە ساڵی 1899-1900ی زایینی، ئەمەی بۆ شادڕەوان سەییدئەمین شەوقی نووسیوەتەوە، دەستنووسەکەیش لە سەردەمی شاعیرانی خەلیل منەوەر و گریانی و شەوقیدا نووسراوەتەوە و نووسەری دەستنووسەکەیش ئاگایی تەواوی لەسەر ژیان و بەرهەمی شاعیرانی ئەو دەمە و شاعیرانی ناو ئەم کەشکۆڵە هەبووە.

ئەم دەستنووسە سەرەتا شیعرە کوردییەکانی لەگەڵ چەند دەستنووسێکی تردا بە ناوی کەشکۆڵی گەرمیان لە لایەن ئامادەکاری ئەم بەرهەمە و هەردەوێڵ کاکەییەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە، بەڵام شیعرە عەرەبی و تورکی و فارسییەکانی بڵاو نەکراوەتەوە. ئەم دەستنووسە شیعری نامەگۆڕینەوەی زۆری تێدایە و لە رووی مێژووییەوە گرنگیی خۆی هەیە، لێکۆڵینەوە لە بارەیەوە ژیانی شاعیرانی شەوقی و گریانی و خەلیل منەوەر بە جۆرێکی تر نیشان دەدات. لێرەدا چەند نموونەیەکی دەخەینە روو و لێی دەکۆڵینەوە. (هەردەوێڵ و رێبین، 2017: 19-21)

## گریانیی شاعیر

بەپێی ئەو دەقە شیعرییانەی لەم کەشکۆڵەدا هاتوون، گریانیی شاعیر تەمەنێکی زۆری لە بەندیخانەدا بەسەر بردووە، هۆکاری گرتنەکەیشی لە هیچ سەرچاوەیەکدا باس نەکراوە و روون نییە لەسەر چی گیراوە. لەناو ئەم دەستنووسەدا چەند بەیتێک هەیە ئاماژە بۆ هەندێک بابەت دەکات جێی باس و خواسن. لەوانە: چەند ساڵ بەند بووە، لە کوێ بەند کراوە، سەر بەچی گرووپێک بووە. گریانی و شەوقی ماوەیەکی زۆری ژیانیان لە بەندیخانەدا بەسەر بردووە، هەر خۆیشیان وەکو سێکوچکەیەک وابوون بۆ یەکتری، خەلیل منەوەر و گریانی و شەوقی نامەی زۆریان بۆ یەکتری ناردووە، لەناو نامەکانیاندا بێزاری و ئازار و مەینەتیی زۆری تێدا دەبینرێت. لە جێگایەکدا گریانیی شاعیر دەڵێت:

«گریان» نەداخ مەرحەبای تورکمان//هەر ئاخ مەکێشۆ، تا ئاخرزەمان

بەپێی ئەم بەیتە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە تورکمانەکان بوونەتە هۆی بێزاری شاعیر و شاعیریش بۆ ماوەی 15 ساڵ لە گرتووخانەکانی شاری کەرکووك و بەغدادا بەند بووە، شاعیر لە شیعرێکیدا دەڵێت:

مەحسووب زومرەی پازدە ساڵان بیم//سەردار سەرتیپ، شەوان ناڵان بیم

یان لە شیعرێکی تریدا شاعیر دەڵێت:

فیدای زوبێدەی سۆسەن خاڵت بام//وەی مەحکوومی مێهر، پازدە ساڵت بام

هەر یەک لە شەوق و گریانی لەم چەند بەیتەدا حوکمی خۆیان ڕاگەیاندووە، کە 15 ساڵیان بەسەردا دراوە و لە گرتووخانەکانی بەغداد و کەرکووکدا ژیانیان بەسەر بردووە. وەکو لە پێشتردا ئاماژەمان پێیدا هۆکاری گرتنەکەیان ڕوون نییە و نازانین لەبەر چی گیراون، هەروەها نازانرێت هۆکاری حوکمدانەکەیشیان چی بووە؟! وایشی بۆ دەچین گریانی و شەوق هەردووکیان لە یەک کاتدا بەند کرابن، چونکە گریانیی خۆی لە چەند بەیتێکدا سەبارەت بە گرتنەکانی لە بەغداد و کەرکووک و لای عوسمانییەکاندا، بەم شێوەیە بۆمان دەبێژێ:

یەك تەرەفکەردار، کار فەرهادم//یەکتەرەف قامەی قەلعەی بەغدادم

گریانیی خۆی لەبارەی گرتنی لە شاری کەرکووکدا دەڵێت:

ڕەهام کۆ جە بەند، کۆگای کەرکووك شار//شادان بام وە دین، یار وەفادار

هەر لەناو شیعرە کوردییەکانی گریانیدا بەیتێک هەیە سەرنجمان بۆ بابەتی گرتنەکەی بەشێوەیەکی گوماناوی ڕادەکێشێت:

نمرەی نەگبەتی، یاوا وە شانم//تاراج کەرد وەڵکەی ڕوکن ئەرکانم

ئەم بەیتەیش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە گریانی دەکرێت لەناو سوپای تورکەکاندا پلەیەکی سەربازیی هەبووبێت، ڕوکن ئەرکان خۆی پلەیەکی سەربازییە و دەکاتە ئەستێرە و پلەی یوزباشی کە لەناو سوپای عوسمانیدا باو بووە. ئەو نەگبەتییەیش کە کەوتووەتە سەرشانی گریانی ڕوون نییە، ئەو هۆکارە چیی بووە کە وای کردووە گریانیی لەسەر بەند بکرێت...! ئەگەر هۆکاری کوردبوون بێت، ئەوا کوردێکی زۆر لەناو سوپای عوسمانیدا هەبووە... گریانی لە شیعرێکی تورکیشدا دەڵێت:

ای مشیرم بر فقیر و بیکسم، غدربله محپوس اولمشم//عسکری سلطان حمیدم قهره فانوس اولمشم

اون ایکنجی فرقەدە یوقدر ترحم عسکرە//جملەسی خاین خیانت جمع اولمسن بر برە

ئەم دوو بەیتەیش ئاماژەیەکمان پێدەڵێت کە گریانی لە تیرەی 12ی فانۆسی سوپای سوڵتان عەبدولحەمید بووە، بەڵام لە کوێ و چۆن بەو پلەوپایە گەیشتووە، ئەوە ڕوون نییە و نازانین... یان ئەوەتا بەهۆی کەریم ناوێکەوە گیرابێت...

چقارمە گردەنن ویرمە جفا عشّاق غمبارە//بکا (اون بش سنە) محکومۀ زندان اولوب یاندم

لەم بەیتەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە گریانی پانزە ساڵی لە بەندیخانەی عوسمانییەکاندا بەسەر بردووە. لەم بەیتانەی شاعیرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە گریانی لە فیرقەی 12 بووە و کاتێک کە ستەمی لێکراوە و زیندانی کراوە، هاوار بۆ موشیری سوپاکە دەبات، نازانین ئەو کەریم ناوە هەمان موشیری سوپاکە بووە یان دژی گریانیی شاعیر بووە، ئەوە ڕوون نییە... شاعیر داوای لێدەکات کە بەزەیی پێدابێتەوە و هێرش دەکاتە سەر فیرقەی 12 کە دادپەروەریی تێدا نییە و نەماوە و تەنانەت وایش دادەنێت کە هەموویان ناپاك و خیانەتکارن.

سوود وەرگرتن لەم دەستنووسە جگە لە ساغکردنەوەی شیعری شاعیرانی وەکو گریانی و شەوق و خەلیل منەووەر کە شیعرێکی زۆری تێدایە و لە دیوانەکەی خەلیل منەووەردا نەهاتووە و دیوانی گریانی و شەوقییش تاکو ئێستا بە شێوەی سەربەخۆ چاپ نەکراوە، لەنێو شیعرەکانیدا ئەتوانرێت بەشێکی ژیانیان ساغ بکرێتەوە، وەکو دەبینین لەم چەند بەیتەدا باس لە گرتنی گریانی لە قەڵای بەغداد و ئیچ و کەرکووک و سپای عوسمانییەکان و ناعەدالەتییەکان و فیرقەی 12ی سپای عوسمانی، کۆمەڵێک زانیاری و سەرەداوی ژیانی گومبووی شاعیرێکی ناوچەی گەرمیانە و لە هیچ سەرچاوەیەکدا ئاماژەی پێ نەکراوە و نەهاتووە.

## بەیازی وتارەکانی مەلا موستەفا

ئەم بەیازەم لە ساڵەح هەلاج وەرگرتووە و ئەویش لە مامۆستا دڵشاد و چالاکی وەرگرتووە کە دەکاتە بنەماڵەی ناوبراو لە شاری کەلار، ئەم بەیازە 90 بەرگەیە و بریتییە لە سێ چوار وتارێکی ڕۆژی هەینی مەلا موستەفای ئیمام و وتاربێژی دێی کەلار، دەستنووسەکە ئەندازەکەی (12×20)سم، سەرەتای دەستنووسەکە تەواوە و کۆتاییەکەی فەوتاوە، دەستنووسەکە بە خەتێکی جوان و خۆش نووسراوە، بەڵام نازانرێت ساڵی چەند نووسراوەتەوە، تەنیا لەسەر پەڕەی یەکەمی دەستنووسەکە نووسراوە: «امام و خطیب قریة کلار، الحدیث... تذکرة للحزین احمد شمیرانی المنتظر الی رحمة الرّبانی فی لیلة الخمیس ثمانیة من شهر ذی الحجة المبارک سنه 1374هـ. آه من الموت و حالاته».

لەم دەستنووسە چەند خاڵێک وەردەگیرێت و دەتوانرێت وەکو مێژوو بۆ ناوچەی گەرمیان و لێکۆڵینەوەیی سوودی لێ وەربگیرێت، لەوانە: ئەم دەستنووسە هیی مەلا موستەفای ئیمام و وتاربێژی ناوچەی گەرمیانە و لەو دێیەدا وتاربێژ بووە، وتارەکانی خۆی لە دەستنووسێکدا کۆ کردووەتەوە، شێوەی خەت خۆشی و بیر و هز و دونیابینی ئەم مامۆستا ئایینییە لە ناوچەی گەرمیاندا چۆن بووە و چۆن فکری کردووەتەوە، بخرێتە ڕوو و لێی بکۆڵرێتەوە، یان لەسەر بەرگەکە کە نووسراوە ئەحمەد شەمێرانی لە ڕۆژی پێنج شەممە، 8 ذی الحجة 12/ 1374 کۆچی دوایی کردووە، دەکرێت بزانرێت ئەم کەسایەتییە کێ بووە، ڕۆڵی چی بووە، چی ئەم مەلا موستەفایە بووە، بۆ کۆچی دوایییەکەی لەسەر ئەم دەستنووسە نووسراوە و مێژووی مردنەکەیشی دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت.

## فەهەنگە عەرەبی و فارسییەکەی مەلا عومەری ڕەنجووری

ئەم دەستنووسەم لە خالید جاف لە شاری کەرکووک وەگرتووە، دەستنووسەکە مێژوویەکی کۆنی هەیە و بە خەتی خوێندکارێکی مەلا عومەری ڕەنجووریی شاعیر نووسراوەتەوە، نوسخەکە سەرەتاکەی فەوتاوە و کۆتاییەکەی ماوەتەوە، ئەم دەستنووسە خۆشبەختانە ناوی دوو نووسەرەوە و دانەرەکەی و ساڵی نووسینەوەکەی تۆمار کراوە، ئەم دەستنووسە (16×23)سم ئەبێت و بە خەتێکی تا ڕادەیەک ناخۆش نووسراوەتەوە، ئەوەی ماوەتەوە لەم دەستنووسە لە لاپەڕە 123هەوە دەست پێ دەکات تا 142، بە خەتێکی تازە و دواتر پارچە کاغەزێک کە بە کۆمپیوتەر نووسراوە، ناوی نووسەر و کتێبەکە

نووسراوە، لە لاپەڕە 121 و 142دا ناوی دوو نووسەرەوەی پێوەیە و پێدەچێت دوو کەس دەستنووسەکەیان نووسیبێتەوە، بەپێی هەردوو نووسینەکە یەکیان خەتی خود مەلا عومەری ڕەنجوورییە و ئەوی تریشیان خەتی خوێندکارێکی مەلا عومەرە، لە لاپەڕە 121دا نووسراوە: «تمت الکتاب بعون الله الکبیر الوهاب من ید الحقیر الفقیر عمر ملقب برنجوری، سنة ثمانیة و عشرون بعد الف و مأتین فی شهر ربیع الآخر فی عاشره یوم الاحد بعد صلوة الظهر غفرالله له ولوالدیه و سائر المسلمین، سنه 10 ر 1228»، هەرچەندە هەندێک هەڵەی تێدایە و ڕاستییەکەی بەم شێوەیە دروستترە «تم الکتاب بعون الله الکبیر الوهاب علی ید الحقیر الفقیر عمر الملقب برنجوری، سنة ثمانیة و عشرون بعد الف ومأتین فی شهر ربیع الآخر فی عاشره یوم الاحد بعد صلاة الظهر غفرالله له ولوالدیه و سائر المسلمین، سنة 10 ر 1228». هەروەها لە کۆتایی دەستنووسەکەیشەوە نووسینێک هەیە نووسراوە: «تمام شد تکلمۀ حاشیه نفحات الانس حضرت مولانا نورالدین مولانا عبدالرحمان جامی از مولانا عبدالغفور فرموده‌اند، نور الله مرقده، به اتمام رسید تمت حاشیه مزبور در وقت چاشتگاه در خدمت مولاناب استادی‌ام نشسته بودیم از چهارم شهر محرم الحرام از سنه هجرت حضرت نبوی سنه 1222، نسخه مزبوره به جهت عالی‌جناب معلی القاب مبتحر علوم شریعت و رهنمای سبیل طریقت و مغز و برارندۀ لب حقیقت و عارف به عرفان معرفت‌الله مخدوم مکرّم پدروار التاوی‌ام از دل و از جان عزیز مولانا عمر ملقب به رنجوری برای او اتمام شد، ان شاءالله مبارکش باد، به حق النون و القلم، آمین. تمت. صاحبه و مالکه مولانا عمر رنجوری.

بەپێی ئەم دوو نووسینە، دەستنووسەکە دوو نووسراو بووە و لکێنراوە بە یەکەوە، یەکێکیان دەستنووسی ڕەنجوورییە و ئەوی تریان خوێندکاری ڕەنجووری بووە و لە خزمەتیدا بووە دەستنووسەکەی نووسیوەتەوە.

ئەوەی گرنگە لەم دەستنووسەوە وەربگیرێت و بۆ لێکۆڵینەوە سوودی هەبێت، خەتی خودی ڕەنجوورییە، عەرەبیزانییەکەی، ساڵی نووسینەوەی دەستنووسەکەی، خوێندکارەکەی چۆن وەفای بۆ ڕەنجووری دەربڕیوە و نووسیوەتی وەکو باوک وایە و لە دڵ و گیان عەزیزترە... هەر یەک لەمانە سوودی گرنگی لە مێژووی ژیانی ڕەنجووری و مێژووی ئەدەبی کوردی و زمانزانی و دونیابینیی شاعیر و حوجرە و فەقێ و مامۆستایی و دەرس وتنەوە و کارە جیاوازەکانی ڕەنجووری هەیە، هەر یەکێک لەمانە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستین و پێویستە لێکۆڵەران لێی بکۆڵنەوە و نیشانی بدەن کە زانایانی کۆن لەو بوارانەی نیشان دران و کاریان تێدا کردووە و چییان پێشکەش بە نەوەی ئێمڕۆ کردووە و ئەدەبیاتیان چۆن پێش خستووە، بە بابەتی زانستی بیخەنە بەردەستی خوێنەران، بۆیە لێرەدا ئێمە وەکو سەرباس و سەرەداو نیشانمان دا، ئەمانە هەر یەکێکیان بابەتێکی سەربەخۆیە و لێرەدا ناکرێت هەموویان شی بکرێنەوە و لێیان بکۆڵرێتەوە.


## ئەنجام:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا شەش دەستنووس ناسێندراوە و لێیان کۆڵراوەتەوە و وردەکارییەکانیان دەستنیشان کراوە، دەستنووسەکان لە شاری کفری و کەرکووک و خانەقین و کەلاردا نووسراوەتەوە، بەپێی ئەم دەستنووسانە زایانیانی کورد لە کۆنەوە لەم ناوچەیەدا هەوڵی خوێندن و خوێندەوارییان داوە و شیعری شاعیرانیان کۆکردووەتەوە و لە فەوتان ڕزگاریان کردووە، ناوی کۆمەڵێک شاعیری گومناوی ئەم ناوچەیان تۆمار کردووە و پاراستوویانە، مێژووی ڕووداوەکانیان بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ و جێگاوە بۆمان تۆمار کردووە و پاراستوویانە، گرنگییان بە بابەتی جیاواز داوە و کتێبخانەکانیان بە بابەتگەلی جۆراوجۆر دەوڵەمەند کردووە و بە شێوەی دەرس بە فەقێکانیان وتووەتەوە، ڕووداوە مێژووەکانی خۆیانیان لەناو شیعرەکانیاندا بۆمان تۆمار کردووە، ئەگەر کەسێک ژیانیانی نەنووسیبێتەوە، ئەوا لە ڕێگەی ئەو شیعرانەوە بەندکردن و ناوچەی گرتنەکەیان و جێگا و شارەکانیان بۆمان تۆمار کردووە و لەو ڕێگەیەوە ئەتوانین مێژووی ژیان و ئەدەبی کوردی پێ دەوڵەمەند بکەین و جەنگ و فەتوای زاناکان بزانین و لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستیدا سوودیان لێوەربگرین.

## سەرچاوەکان



1. بێ کا (1316-1317)،: «دەستنووسی کەشکۆڵی گەرمیان»، کتێبخانەی تایبەتی موحەممەدعەلی قەرەداغی، بێ ژمارە.
2. ڕەنجووری، مەلا عومەر (1222)،: «فەرهەنگی عەرەبی فارسی جامی»، کتێبخانەی تایبەتی خالید جاف، بێ ژمارە.
3. بێ کا (1316-1317)،: «دەستنووسی کەشکۆڵی گەرمیان»، کتێبخانەی تایبەتی موحەممەدعەلی قەرەداغی، بێ ژمارە.
4. مەجنوون، ئەحمەد (1349): «کەشکۆڵی کفری»، کتێبخانەی تایبەتی هەردەوێڵ کاکەیی، بێ ژمارە.
5. بێ کا (1316-1317)،: «دەستنووسی کەشکۆڵی گەرمیان»، کتێبخانەی تایبەتی موحەممەدعەلی قەرەداغی، بێ ژمارە.
6. حاجی وەلی و مەلا موحەممەد، مەلا عەلی و جاسم (1278): «قورئانی پیرۆز»، کتێبخانەی تایبەتی کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)، بێ ژمارە.
7. قەرەوڵس، خەلەف حەسەن (1918): «دەستنووسی جەنگی جیهانیی یەکەم»، کتێبخانەی تایبەتی نیعمەت زەحمەتکێش، بێ ژمارە.
8. موستەفا، مەلا (1374): « بەیازی وتارەکانی مەلا موستەفا»، کتێبخانەی تایبەتی ساڵەح هەلاج، بێ ژمارە.
9. کاکەیی، هەردەوێڵ (2006): «دیوانی میرزا خەلیل منەووەری کاکەیی»، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
10. کاکەیی و ڕێبین، هەردەوێڵ و کاروان عوسمان خەیات (2017): «کەشکۆڵی گەرمیان»، چاپی یەکەم، نەشری شوان، کتێبفرۆشی نیشتمان، سنە.
11. ڕێبین، کاروان عوسمان خەیات (2024): «دیوانی گریان»، ئەم کتێبە ئامادەی چاپە و هێشتا چاپ نەکراوە.
12. ڕێبین، کاروان عوسمان خەیات (2023): «کۆبەرهەمی ئەحمەدموختار جاف»، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی کوردستان، سنە.
13. پاوەیی و نەریمان و ڕێبین، حەمەڕشید و جووتیار و کاروان عوسمان خەیات (2023): «دیوانی تاهیربەگی جاف»، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی کوردستان، سنە.


دەستنووسی فەرهەنگەکەی ڕەنجووری







وتارەکانی مەلا موستەفای کەلار







کەشکۆڵی گەرمیان






قورئانەکەی کفری



کەشکۆڵی کفری

